# 8 مارس ، ڕۆژێك له مێژوودا ، ڕۆژێك له ئاینده‌ی چاره‌نووسدا!

هه‌موو ساڵێك له گه‌ڵ هاتنی مانگی مارس ، ڕۆژنامه و سایته‌كان ، میدیا و راگه‌یاندنه‌كان پڕ ده‌بن له كه‌مپین بۆ یاد كردنه‌وه‌ی 8 مارس ، به‌شی زۆری یادكردنه‌وه‌كان گێڕانه‌وه‌ی مێژووی په‌یدابوونی ئه‌م ڕۆژه‌یه ، تواناى باش و دڵسۆزی گه‌وره له‌م بواره‌دا ته‌رخان ده‌كرێ ، لۆژیكی گێڕانه‌وه‌و به‌رز ڕاگرتنی ئه‌م ڕۆژه باڵی كێشاوه ، به‌سه‌ر وه‌رزی هاتنه‌وه‌ی ئه‌م بۆنه‌یه ، به سه‌رژمێریه‌كی جدیانه‌ی بۆ ئه‌رشیفی یاد كردنه‌وه‌كانی چه‌ندین ساڵی له‌مه‌وبه‌ر هه‌ست ده‌كه‌ی ئه‌م یادكرنه‌وانه چه‌نده له یه‌كتر ده‌چن ، چه‌نده په‌ره‌گرافه‌كان هه‌ر دووباره‌ن ، ده‌سه‌لات و ئۆپۆزسێۆن هه‌ردووكیان له‌م یاد كردنه‌وانه چه‌نده له یه‌كتر ده‌چن ! میسوۆدێك هه‌یه له په‌نای ئه‌م یادكرنه‌وانه هه‌میشه پابه‌ندت ده‌كا به ڕابردوو ، به قوربانیه‌كان و ده‌سكه‌وته‌كان له ڕابردوو ، به ناراسته‌وخۆ ده‌بێته ئه‌نجامگیریه‌كی عه‌مه‌لی بۆ ته‌قدیس كردن ، ئه‌م ته‌قدیس كردنه زۆربه‌ی یادو بۆنه جیهانیه‌كان ده‌گرێته‌وه ، به‌شێكی به‌رچاوی حیزب و نووسه‌ر و كادری میدیا جیاوازه‌كان ، به ئه‌ركی خۆیان ده‌زانن چالاكیه‌ك له‌م ڕۆژه وه‌كو خاڵی كردنه‌وه‌و تۆمار كردنی هه‌ڵوێست نیشان بده‌ن .

مێژووی 8 مارس مێژوویه‌كی شكۆداره ، به‌ڵام شكۆداری هه‌موو ده‌رگا داخراوه‌كان و مه‌سه‌له تازه‌كانی دونیا ناكاته‌وه ، قوربانیه‌كی گه‌وره له په‌نای دروست بوونی ئه‌م ڕۆژه هه‌یه ، به‌ڵام له سه‌رده‌می جێگیربوونی ئه‌م ڕۆژه هه‌تا ئه‌مڕۆی سه‌ده‌ی بیست ویه‌ك ، قوربانی زۆرتر ، كێشه‌ی زۆر ئاڵۆزتر له به‌رده‌می مرۆڤایه‌تی دایه ، كه ده‌كرێ چڕ بكرێته‌وه له كلێشه‌ی تازه‌دا ، بۆ ده‌ست پێ كردنه‌وه‌ی دووره‌یه‌ك له خه‌بات بۆ عه‌داله‌تی كۆمه‌لایه‌تی كه هه‌ڵگری سیماكانی ئه‌مڕۆ بێ ، هه‌ڵگری خیتابێكی تازه‌و كراوه‌بێ كه هه‌میشه سه‌ری ئاوه‌ڵا بێ بۆ تازه گه‌ری له سبه‌ینێ له ئاینده‌دا !

عه‌داله‌تی كۆمه‌لایه‌تی و دیموكراسی له كوردستان له عێراق ، به قوڵی بریندارى ده‌ستی چاره‌نوس و سیناریۆ ره‌شه‌كانه ، ڕۆژ له دوای ڕۆژ له جیاتی ده‌سكه‌وت زیاتر شوێنی پێ چۆڵ ده‌كرێ و ئه‌تك ده‌كرێ ، سیناریۆی وولاتێكی دینی ، سیناریۆی زاڵه‌و ژنان له ئاستی جیاوزدا له ریزی پێشه‌وه‌ی قوربانیه‌كانن ، دژایه‌تی ئه‌م سیناریۆیه بۆ دڵسۆزانی ئه‌م ڕێگه‌یه ، ڕێگه‌ی دیموكراسی و عه‌داله‌تی كۆمه‌لایه‌تی ، ده‌كرێ بكرێته تاقه پڕۆژه‌ی ژیان بێ ئه‌وه‌ی هێشتا فریا بكه‌وین هه‌موو حه‌قی خۆی پێ بده‌ین ، ئه‌مڕۆ سه‌رده‌م سه‌رده‌می ئه‌وه‌یه خه‌بات له كلێشه وه‌رزیه‌كان دابگرین و بیكه‌ین به كلێشه‌ی هه‌موو وه‌رزه‌كان ، بیكه‌ین به په‌یامی هه‌موو ژیان .

ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری ده‌نگه‌كان

8 مارس 2006